# سوود لە ئەو ڕوخسەتانەی خودا وەربگرن کە پێتانی بەخشیووە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا بوو، قەرەباڵەغیەکی بینی وخەڵکانێک سێبەریان دروست کردبوو بۆ پیاوێک، ئەویش فەرمووی: «ئەمە چییە؟»، ووتیان: ڕۆژووی گرتووە، فەرمووی: «لە چاکەکاری نییە ڕۆژووگرتن لە سەفەردا»، و لە گێڕانەوەی (مسلم)دا فەرمووی: «سوود لە ئەو ڕوخسەتانەی خودا وەربگرن کە پێتانی بەخشیووە»».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جابر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ماوەی سەفەریدا لە ساڵی فەتح وڕزگارکردنی مەککە، خەڵکانێکی بینی کۆبوونەتەوە وسێبەریان بۆ پیاوێک دروستکردووە وئەویش ڕاکشا بوو، ولە گێڕانەوەی (ابن جرير)دا: پرسیاری سەبارەت بە حاڵی کرد. ووتیان: بەڕۆژووە وئەوەندە تینوویەتی حاڵی گەیشتووە بەمەی ئێستا. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ڕۆژووگرتن لە سەفەردا لە چاکەکاری نییە، ئەو ڕوخسەتەی خودا وەربگرن کە بە ئێوەی بەخشیووە. خودا نایەوێت خۆتان ئازار بدەن بەهۆی پەرستنی ئەو زاتە مەزنە، وئەمیش بەوە لێکدەدرێتەوە کە پەیوەستە بە حاڵەتی ناڕەحەتی وقورسیەکی زۆر؛ چونکە لە دەقی تردا ڕێگەپێدان هاتووە بە ڕۆژووگرتن لە کاتی سەفەردا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4503

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee